## دواى زنجيرەيەک کۆبوونەوە بڕيار درا (ئاسياسێل) لە 24/11/2007 کار بکات

دواى زنجيرەيەک کۆبوونەوەى لايەنە پەيوەنديدارەکانى وەزارەتى گەياندن بە سەرپەرشتى (حەيدەر شێخ عەلى - وەزيرى گەياندن) لەگەڵ نوێنەرانى هەردوو کۆمپانياى گەياندن(ئاسياسـێل و کۆرەک تيليکۆم) بـۆ ئەنجامدانى کردارى بەسـتنەوەى تـۆڕەکان لەگەڵ يەکتـرى(interconnection & Roaming)و بڕيار درا بە پێکهێنانى لێژنەيەکى هاوبەشى تەکنيکى لە هەردوو کۆمپانيا و کارەکانيان بە سەرپەرشتى لێژنەيەکى وەزارەتى گەياندن ئەنجام دەدەن وە بڕيارە لە(24/11/2007) کۆمپانياى ئاسيا سێل لە هەر دوو پارێزگاى هەولێر و دهۆک دەست بەکار بکات.

## وەزيرى گەياندن پێشوازى لە شانديکى سەرۆکايەتى هێزەکانى فرەرەگەز دەکات

کاتژمێر 12ى نيوەرۆ ريکەوتى 2/10/2007 بەرێز (حيدر شێخ على) وەزيرى گەياندن لە ديوانى وەزارەت پێشوازى لە شانديکى سەرۆکايەتى هێزەکانى فرەرەگەز لە عێراق بە سەرۆکايەتى عميد (رۆنى هۆکنز) جێگرى سەرۆک ئەرکانى فرۆکەوانى ئەمريکايى بۆ سيستەمەکانى پەيوەندى و زانيارى کرد. لە کۆبوونەوەيەکدا کە پتر لە سەعاتێکى خاياند باسى پرۆژەکانى وەزارەت کە پێشتر ئەنجام دراوە کرا. لە تەوەرێکى ترى کۆبوونەوەکەدا باسى رەوشى گەياندن لە کوردستاندا کرا کە ئەمڕۆ بەستنەوەى هەرێمى کوردستان لە رێگاى کێبلى رووناکى بە وڵاتانى دراوسێ بووەتە پێويستييەکى هەنووکەيى تا وەکو لەو رێگايەوە پەيوەندى کوردستان بە وڵاتانى جيهان تۆکمە ببێت و ببێتە مايەى پێشکەوتنى گەياندن و سوود وەرگرتنى هاووڵاتيان. شاندى ميوان بەڵێنياندا کە لە داهاتوويەکى نزيکدا پرۆژەى بەستنەوى هەرێمى کوردستان بە هۆى کێبلى رووناکى بە وڵاتى توركيا لە رێگاى دەروازەى (ابراهيم خليل) جێبەجێ بکرێت تا وەکو ببێتە دەروازەيەک بۆ کرانەوەى کوردستان بە وڵاتانى جيهاندا.






## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە شاندێکی کۆمپانیای (مۆتۆڕۆلا)ی جیهانی بواری گەیاندن کرد

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی 30/9/2007 بە رێز حیدر شێخ عەلی وەزیری گەیاندن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندێکی کۆمپانیای ( مۆتۆڕۆلا )ی جیهانی بواری گەیاندن بە سەرۆکایەتی ( پیتەر ئەیەر). لە کۆبوونەوەیەکدا کە پترلە سەعاتێکی خایاند شاندی میوان باسی پرۆژەکانی کۆمپانیای ناوبراویان لە جیهان و ناوچەکەدا کرد ، هەروەها ئاماژەیان بەو پرۆژانەدا کە لە ساڵی (2003)وە تاوەکو ئێستا لە عێراقدا ئەنجامیان داوە ، دواتر هاتنە سەر باسکردنی پرۆژەیەکی ستراتیژی تۆکمەی بواری ئاسایش کە بە گوژمەی ( 220) ملیۆن دۆلار لەسەرتاسەری عێراقدا ئەنجامی دەدەن ، لایەنی وەزارەت ئامادەیی و هەماهەنگی بۆ شاندی وەزارەت دوویات کردەوە .





## وەزیری گەیاندن پێشوازی لە شاندێکی گرووپی چەند کۆمپانیایەکی یۆنانی کرد

رۆژی دووشەممە رێکەوتی 24/9/2007 بەرێز (حیدر شێخ عەلی) وەزیری گەیاندن پێشوازی کرد لە شاندی گرووپی چەند کۆمپانیایەکی یۆنانی کە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە پتر لە ساعەتێکی خایاند و ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەت ئامادە بوون شرۆڤەی ئیش و کارەکانی کۆمپانیای ناوبراو لە بواری گەیاندندا کرا ، هەروەها ئالیەت و ئەو بوارانەی کە دەتوانن لە کوردستاندا کار بکەن باسی لێوە کرا. شاندی وەزارەت ئامادەیی هاوکاری و ئاسانکاری لە بواری گەیاندن بۆ شاندی میوان دوویات کردووە و شاندی گرووپی کۆمپانیاکان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی و گرنگ لە هەرێمی کوردستاندا.



